به بۆنەی بیست و دووەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ەوە

# "لە ستایشی "ڕامان"دا


**شێرزاد حەسەن**
**(سلێمانی)**


سەرەتای ڕاپەڕین بوو هەر یەکەمان بۆ خۆی کە سەر بە چین و توێژی جیاواز بووین، خەونگەلێکی کەم، یان زۆرمان هەبووە، ئەوسا ڕاست و ڕەوا بوو کە خەونێکی لەو جۆرە ببینین. ئەوەی کە لە یادی من ماوە دەستەیەک لە نووسەر و هونەرمەند و ئەدەبدۆستانێک کۆبووینەوە، بە دڵگەرمی و شێلگیرانە باسوخواس هاتە سەر پرۆژەی دەرکردنی گۆڤارێکی ئەدەبی کە دیارە هەموومان بە جۆشوخرۆشەوە کەوتینە داڕشتنی نەخشە و کارنامەیەک بۆ هێنانەدی ئەو گۆڤارە ناوازە و تاقانەیە، هەنگاو بە هەنگاو خەونەکەمان بوو بە ڕاستی. ئەوەشمان لە یادە کە بۆ ماوەیەک پشوودرێژ بووین و پەلەمان لێنەدەکرد، یەکێک بووم لەو کەسانەی کە ناوی "ڕامان"م بە پەسند زانی بۆ گۆڤارەکە، واتا وازمان لە چەندان ناوی دیکە هێنا کە بۆ گۆڤارێکی ئەدەبی شیاو بوون، هاوکات کەسانێک کە ئامادە بوون وەک دەوڵەتداری تازە کۆمەک بەو پرۆژەیە بکەن بە بێ مەرج و سانسۆر، تا هەنووکەش وایە، بیرۆکەی پاداشتیش بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا کە ئەوەشیان ڕوویەکی تازە و شارستانی و دەزگایی بە پرۆژەکە بەخشی.

دەشێت بوێرین کە لە دوای پرۆژەی گۆڤارەکانی وەک " بەیان" و "ڕۆژی کوردستان" و "کاروان" کە خوێنەرانیان لە خۆیان کۆکردبووەوە و بەر لە ڕاپەڕین دەردەچوون، گۆڤاری "ڕامان" ناوازە و تاقانە دەرکەوت، مایەی ئاسوودەییش بوو کە پێشوازی گەرمی لێکرا و دەستاودەستی دەکرد. هاوکات خەونەکە گەورە و ڕەنگینتر بوو کە بیر لەوە کرایەوە بگاتە کوردستانی ڕۆژهەڵات، بگرە بەرەو هەندێک لە وڵاتانی ئەورووپاش لە خوێندنەوەی بەهرەمەند بوون.

دیارە تا هەنووکەش بەردەوامە، ئەگەرچی زۆر لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان پەکیان کەوت، یان پەکخران، ئینجا چ دەستەڵاتداران و حزبەکان کۆمەکیان پێکردبن، یان دەوڵەت، بڕواشم وایە کە ڕەنج و کۆششی هاوڕێم کاک " ئازاد عەبدولواحید" لەو لایەنەوە مایەی ستایش و پێزانینە.

ئەدەبیات وەک کایە و چالاکییەکی ئادەمیزاد لە کۆنەوە تا هەنووکە ڕۆڵی لە پێشکەوتن و پەرەپێدان و فرەوانکردنی ئاسۆی بیرکردنەوەی مرۆڤدا هەبووە، جیهانی ئەدەب بۆ خۆی بە بەراورد لەگەڵ کایەکانی دیکەی وەک زانستەکان: بە هەردوو لقە سەرەکییەکەوە کە زانستە مرۆییەکان و هەم زانستە

سروشتییەکانیشەوە، دەکرێت بڵێین هەم قەرزی لێکردوون، هاوکاتیش زانستەکان، بە تایبەتی زانستە مرۆییەکانی وەک فەلسەفە، دەروونناسی و کۆمەڵناسی و مێژوو قەرزاری ئەدەبیاتن، واتە ئەدەب بە هەموو ژانرەکانەوە پردێکی توندوتۆڵی لەتەک زانستەکانی مرۆیی و سروشتی هەبووە، ئەوە ئەدەبی داستانییە کە پێشبینی کردووە مرۆڤ دەگاتە سەر مانگ، ئەمڕۆکە هەموومان دەزانین کە "فرۆید" بۆ تیورەکانی خۆی کەڵکی لە ئەدەب وەرگرتووە، مێژووی ئەدەب، واتە مێژووی مرۆڤێکی هۆشیار کە هێزی خوێندنەوەی خۆی و دنیای هەبووە.

بە بەراورد لە تەک هەردوو کایەی ئایین و ڕامیاری/ سیاسەت کە بەرهەمهێنەری ئایدیۆلۆژیا سەرزەمینی و ئاسمانییەکانن، بگرە بە ناوی پیرۆزییەکانەوە زەریای خوێنیان بەرپا کردووە، چونکە بڕوایان بە پاکی پەیامی خۆیان هەیە، بەڵام کۆی کار و ئەرکی ئەدەب بۆ خۆی گومانکردنە لە پیرۆزی، ئەدەب دژی ڕەهاگەری و دۆگمایە کە ڕامیاری و سیاسەت بە دوو پایەی سەرەکی خۆیانی دەزانن.

ئەدەب دژی نارسیزمە کە خودئەڤینی لێدەکەوێتەوە، دیسانەوە ئەدەب بۆ خۆی بەرپاکردنی پرسیار و گومانێکی زۆرە، کە پێچەوانەی ڕامیاری و ئایینە، کە خۆیان بۆ هەموو پرسیارێک ئامادە کردووە و بۆ هەمیشە وەڵامی ئامادەیان لە هەگبەدا هەیە، لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە ڕامیاری و ئایین خۆیان بە خاوەنی یۆتۆپیا دەزانن، بەڵام ئەدەب سەبارەت بە یۆتۆپیا کار لەسەر گومانکردن دەکات.

سەرباری ئەوەش بە بەراورد لەتەک مێژوودا ئەدەب ئەو بڕ و بەشە لە ژیانی مرۆڤایەتی تۆمار دەکات کە مێژوو هەرگیز دەرەقەتی نایەت، یان بە دەستی ئەنقەست فەرامۆشی دەکات، یان مێژوو هەڵبەستنی درۆ و دەلەسەی زۆرە بۆ ئاسوودەکردنی سەرۆکەکان و پاشاکان و دەستەڵاتدارەکان، ئەدەب نایکات، ئەدەب بە ئەمەکەوە مێژووی ڕوحی ئێمە دەگێڕێتەوە.

ڕەنگە کەسێک بپرسێت ئاخۆ ئەو هەموو ستایشە وەک گۆڤار چ پێوەندی بە "ڕامان"ەوە هەیە؟ منیش دەڵێم ڕامان لەو ڕۆژگارەدا گۆڤارێکی تاقانە بوو کە من تێیدا سەربازێک بووم کە بە خۆبەخش ئامادە بووم ئەو خەونە بێنینە دی و... هاتە دیش، تا هەنووکەش بەردەوامە.

ڕاستە ئێمە ئامارمان لەبەر دەستدا نییە و ئاسانیش نییە دەنگمان بگاتە گوێی هەموو خوێنەرێک کە بزانین ئاخۆ "ڕامان" وەک گۆڤارێکی ئەدەبی توانیویەتی ئەو کاریگەرییەی کە من لەسەرەوە ئاماژەم پێکردووە، کەم و زۆر، ئامانجی خۆی پێکاوە؟ من دڵنیام کردوویەتی، من بۆ خۆم یەکێک بووم لەو نووسەرانەی کە "ڕامان" بووبووە پردی تۆکمەی نێوان من و عاشقانی ئەدەب، بگرە بووە مایەی ئەوەی لە یادەوەری خەڵکیدا بمێنم و تازە ببمەوە، "ڕامان" توانی بە تیراژی کەم و زۆر خۆی بگەیەنێتە خوێنەران لە کوردستانی گەورە و دۆستانی ئەدەب لە هەندەران.

ئەدەب بە گشتی بۆ ئەوە نەکراوە بۆشایی و کاتی دەست بەتاڵی خۆمانی پێ پڕ بکەینەوە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە قووڵتر و زیندووتر سەیری خۆمان و ژیان بکەین، وەک میراتێکی گەورە سەیری بکەین بۆ خۆناسین و دنیا ناسین، هاوکات ئەدەب عەقڵێکی ڕەخنەگرانە بە ئێمە دەبەخشێت کە ئاسان هەموو ئایدیا و بیروباوەڕێک وەرنەگرین، ئەدەب هەڵوەشاندنەوەی هەموو چەشنە خورافاتێکە.

هەر لە سۆنگەی ئەو گرنگی و بایەخەی ئەدەب هەیەتی، بە ڕەوای دەزانم هانی ئەو کەسانە بدەم کە پشتگیریی ئەو گۆڤارە دەگەمەن و ناوازەیە بکەن، چونکە هەموومانی لەسەر خوانی ئەدەب و فیکر و خۆشەویستی کۆکردووەتەوە. هەر هەموو ئەو کەسانەی کە میوان و خوێنەری "ڕامان"ن دەزانن کە من لە بەتاڵی و بۆ مەرایی و ڕووپامایی ستایشی "ڕامان"م نەکردووە.